# منداڵ لە ناو خێزانی فرەزماندا

## نامیلکەی زانیاری

KURDISK Sorani



OSLOMET

NAFO
Nasjonalt senter for flerkulturell opplæring

## دەربارەی فرەزمانەیی

زۆربەی زۆری کۆمەڵگاکانی جیهان فرەزمانن. زانینی چەند زمانێک توانایەکی بە نرخە هەم بۆ هەر تاکە مرۆڤێک و هەم بۆ کۆمەڵگەش. زمان پەیوەندییەکی توندی بە وشەگەلی وەک ناسنامە، بە سۆسیال کردن و کولتوورییەوە هەیە. هەربۆیە بە بەشێکی گرنگ لە ژیانی منداڵ و گەورە دادەنرێت.

جووتزمانی هێندە لایەنی باش و پۆزەتیڤی هەیە، کە بە جۆرێک گەلێک لەو خێزانانەی کە دوو زمان یان زیاتر بەکاردێنن، بیر لەوە ناکەنەوە کە پشتگوێی بخەن. گەشەکردنی فرەزمانی لای منداڵان بەهێزتر دەبێت گەر باخچەی منداڵان و قوتابخانە و کۆمەڵگە بە چاوێکی پۆزەتیڤانە بڕواننە فرەزمانی.



## خێزانانی فرەزمانە جۆراوجۆرن

خێزان دەشێت بە چەند شێوازێک خاوەنی جووت – یاخوود فرەزمانەیی بن.

- یەکێک لە دایک و باوکەکە یان هەردووکیان زمانێکی دایکی دیکەیان هەبێت وەک لە نۆروێژی.
- دایک و باوکەکە زمانی دایکیان جیاواز بێت، و منداڵەکە لە ماڵەوە هەر لە سەرەتاوە گوێبیستی دوو یان چەند زمانێک دەبێت.
- یەکێک لە دایک و باوکەکە یان هەردووکیان لە وڵاتێکی تر گەورە بووبن کە بەکارهێنانی زمانی ماڵەوە و قوتابخانە جیاواز بوون، واتا لە ماڵەوە بە زمانێک قسەیان کردووە و لە دەرەوە بە زمانێکی تر.

هەروەها گەلێک خێزان جگە لە دایک و باوک لە باپیرە و داپیرە و خزم و کەسوکاری دیکە پێک هاتوون، کە ڕۆڵێکی چالاک و بەرچاویان هەیە لە ژیانی ڕۆژانەی منداڵەکە و پێدانی بوارێکی فراوان بۆ گوێ لێبوون و بەکارهێنانی چەندین زمان.



## 1 . ئایا منداڵ دەتوانێت لە یەک کاتدا فێری چەند زمانێک ببێت؟

منداڵ دەتوانێت لە یەک کاتدا فێری چەند زمانێک ببێت. لە بەشێکی گەورەی جیهاندا شتێکی ئاساییە، کە منداڵ لە تەمەنێکی بچووکەوە فێری چەند زمانێک ببن. جا بۆ ئەوەی کە منداڵ بە ئاستێکی پێویست گەشە بە فرەزمانییەکەی بدات، دەبێت ماڵەوە، باخچەی منداڵان و قوتابخانە چالاکانە هاریکاری منداڵەکە بکەن. زۆر گرنگە کە گەورەکانی دەوروبەری منداڵەکە پشتگیر و هاندەربن بۆگەشەکردنی فرەزمانیی منداڵەکە.

ئەگەر خێزانی کەمینەکان زمانی دایکی خۆیان بپارێزن، ئەوا ساناتر دەتوانن پەیوەندی بە خزم و هاوڕێکانیانەوە بکەن کە لە وڵاتانی دیکە دەژین. منداڵانی ئەو جۆرە خێزانانە گەر زمانی دایک و باوکیان بزانن، ئەوا بوارێکی زیاتریان بۆ دەرەخسێت بۆ ئەوەی میراتی کولتوری دایک و باوکیان بپارێزن. ئەمە ناسنامە و هاوبەستەگی منداڵەکە بەتینتر دەکات.

## 2. ئەگەر دایک و باوک لەماڵەوە زمانی دایک بەکاربهێنن ئایا منداڵ فێری نەرویجی دەبێت؟

منداڵ ئەگەر زمانی دایکی بەهێز بێت، ئەوا ئاسانتر زمانی دووهەم فێر دەبێت. زمانی دایک و زمانی دووهەم وەک دوو پشتگیری کەری یەکتر دەچن بەڕێوە. بۆ نموونە گەر منداڵێک وشەیەکی وەک "برسی" بە کوردی زانی ئەوا ئاسانتر فێری هەمان وشە دەبێت بە زمانی نۆرویژی کە پێی دەوترێت «sulten».

سەرجەم دایکان و باوکان خوازیارن کە منداڵەکانیان لە قوتابخانە سەرکەوتووبن. هەربۆیە زۆربەیان هیوادارن کە منداڵەکانیان بە زوویی فێری نۆرویژی ببن. بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە دایک و باوک ئیتر واز لە بەکارهێنانی زمانی دایک بێنن. دایک و باوک دەتوانن هاریکاری منداڵەکانیان بکەن بەوەی کە بوارێکی فراوانیان بۆ بڕەخسێنن بۆ بەکارهێنان و فێربوونی زمانی نۆرویژی. ئاساییترین ڕێگە بۆ گەیشتن بەمە لە باخچەی منداڵان و لە ناو گەڕەک یان لەگەڵ هاوڕێ و ناسیاوانی دایک و باوک دێتە کایەوە.

## 3. ئەگەر زمانی دایکی دایک و باوک جیاواز بێت، ئایا دەبێت دایک و باوکەکە بە کامە زمان لەگەڵ منداڵەکانیان قسە بکەن؟

لە ناو ئەو خێزانانەدا کە دایک و باوک زمانی دایکییان جیاوازە، ئەوا باشتر وایە کە هەر یەک لە دایک و باوکەکە بە زمانی خۆی لەگەڵ مندالەکەدا قسە بکات. بەڵام لەو کاتانەدا کە خێزان پێکەوە کۆ دەبنەوە، ئەوا دەکرێت بەو زمانی پێکەوە قسە بکەن کە هەست دەکەن زیاتر سروشتییە؛ بۆ نموونە بە یەکێک لە زمانە دایکییەکان یاخوود بە زمانی نۆرویژی یان زمانێک کە هاوبەش بێت لە نێوانیاندا. گرنگ ئەوەیە کە دایک و باوک بەو زمانە لەگەڵ منداڵەکانیاندا قسە بکەن کە خۆیان باشتر دەیزانن. هەروەها لە نێو ئەو خێزانانەشدا کە یەکێک لە دایک و باوکەکان نۆرویژی بێت و یەکێکی تریان زمانێکی دایکی تری هەبێت، ئەوا بۆ منداڵەکە وا باشە، کە هەر یەک لەو دایک و باوکە بە زمانی بنەڕەتی خۆیان لەگەڵ منداڵەکەدا قسە بکەن. لەو جۆرە خێزانانەدا زۆربەی کات زمانی نۆرویژی زاڵ دەبێت. ئەگەر دایک و باوکەکە حەز بکەن کە منداڵەکەیان ببێتە خاوەنی چەند زمانێک ئەوا گرنگە کە پشتگیری منداڵەکە بکرێت بۆ گەشەکردنی هەردوو زمانەکە.



## 4. ئایا چی ڕوودەدات گەر منداڵ زمانەکان تێکەڵ بکات؟

شتێکی زۆر ئاساییە کاتێک کە منداڵانی فرەزمان وشەی زمانە جیاوازەکان لە هەمان ڕستەدا تێکەڵ بکەن. هۆکاری ئەمە ئەوەیە کە هێشتا منداڵەکە فێر نەبووە زمانە جیاوازەکان لە یەکتر جیا بکاتەوە. هەروەها دەشێت کە منداڵەکە گەر پێویستی پێ بوو، ئەوا وشە لە زمانی دووهەم "قەرز" بکات. بەم ڕێگەیە منداڵەکە دەیەوێت سوود لە سەرجەم توانای زمانییەکانی وەربگرێت.

هەروەها شتێکی ئاساییە گەر منداڵ وشەکانی ئەو زمانانەی کە دەیانزانێت ، لە کاتی قسەکردنیاندا لەگەڵ کەسانی تری فرەزماندا تێکەڵ بکات. چوونکە بەمە دەیانەوێت سوود لە بواری وشەگۆڕکێ بکەن لە نێوان ئەو زمانانەدا ئەمەش بە مەبەستی دەربڕینی هەست و ویستەکانیان یاخوود بە مەبەستی دروستکردنی هاوبەشییەکە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە هەمان زمانی یەکتر دەزانن ئەو کارە دەکەن. ئەو کەسانەی کە تەنها یەک زمان دەزانن بۆیان زەحمەتە لەوە تێبگەن یاخوود قەبووڵی جێگۆڕکێ و ئاڵوگۆڕی نێوان زمانەکان بکەن. لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە توانینی بە باشی ئاڵوگۆڕکردن لە نێوان زمانەکان، پێویستی بە لێهاتووی و بەئاگایی لە زماندا هەیە. وە هەروەها ئەمە دیاردەیەکی ئاسایی و وەزیفییە لە گفتوگۆکردنی جووت زمانەییدا.

لەبەرئەوەی کە زمانی جیاواز لە زەمینەی جیاجیادا بەکاردەهێنین، بۆیە شتێکی ئاساییە کە منداڵی فرەزمان بوار و مەودایەکی فراوانتر و باشتریان لە زمانێکدا لەبەردەستدا بێت وەک لە زمانێکی تردا. بۆ نموونە منداڵ هەرچەندە زمانی نۆروێژیش باشتر بزانێت دەبینرێت کە هەوڵ دەدات دەربارەی ئەو شتانەی کە لە باخچەی منداڵان ڕوویان داوە و تایبەتە بە خێزانەکەیان بە زمانی دایک بیانگێڕنەوە. منداڵ کاتێک کە لەگەڵ خزم و کەسوکاری بە تەمەندا گفتوگۆ دەکات هەوڵ

دەدات بە زمانی دایک بدوێت، بەڵام کاتێک لەگەڵ هاوڕێ و خوشک و براکانیدا گفتوگۆ دەکات ئەوا ئاڵوگور بە زمانەکان دەکات.

## 5. باشە دەبێت چی بکەین ئەگەر لە کاتی قسە کردندا منداڵ هەر بە زمانی نۆروێژی وەڵامی داینەوە؟

دیاردەیەکی نامۆ نییە کە منداڵانی جووت زمانە لە هەندێک ماوەدا زیاتر بە نۆروێژی قسە بکەن، هەرچەندە دایک و باوک هەوڵ دەدەن پێداگیری بکەن و بە زمانی دایک قسە بکەن لەگەڵیاندا. لە کاتی قسەکردندا لەگەڵ منداڵەکانیاندا دایک و باوک دەتوانن یارمەتی منداڵەکانیان بدەن بەوەی کە ئەگەر منداڵەکانیان بە نۆروێژی قسەیان کرد یان پرسیارێکیان کرد، ئەوا دەبێت دایک و باوکەکە بە زمانی دایک وەڵامیان بدەنەوە. پەیوەندی گرتن و لە یەکتر تێگەیشتن لەگەڵ منداڵدا گرنگترین شتە، بە چاوپۆشین لەوەی کە کامە زمانە بەکاردەهێنرێت. بە پلەی یەکەم ئەوە گرنگە کە گوێ لە منداڵ بگیرێت و بزانرێت کە منداڵەکە چی دەوێت وەک لەوەی بەوەوە سەرقاڵ بین کە ئایا منداڵەکە چ زمانێک هەڵدەبژێرێت بۆ قسە کردنەکەی. ئەمە پەیوەستە بەوەی کە دان بەخۆدا گرتوو بین. بێگومان کاتی دەوێت کە منداڵ لە ژینگەیەکدا فێری زمانی دایک بێت کە زمانی نۆروێژی باڵادەست و زۆرجار پایەیەکی بەرزتری هەیە وەک لە زمانی دایک.

بۆ ئەوەی منداڵ ببێتە کەسێکی فرەزمانزان ئەوا زۆر گرنگە، کە دایک و باوک بەردەوام بن لە قسەکردن بە زمانی دایک لەگەڵ منداڵەکانیاندا. شتێکی باشە گەر منداڵ لە گەڕەکەکەیدا یان ئەو ناوچەیەی تیایدا دەژی منداڵ یان کەسانی گەورەساڵی تری لێ بێت کە هەمان زمانی دایکی منداڵەکە بزانن، ئەمەش بۆ ئەوەی زمانەکە لە دەرەوەی خێزانەکەش بەکاربهێنرێت. هەرچەندە منداڵ نەتوانێت چالاکانە بە زمانی زگماکیی دایک و باوکی قسە بکات، ئەوا گەلێک جار زۆر زیاتر تێدەگەن وەک لەوەی کە بتوانن بدوێن. ئەمە دەتوانێت بناغەیەکی پتەو بنیادبنێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانن چالاکانە زمانەکە بەکار بهێنن.

## 6. دەتوانرێت چی بکرێت بۆ ئەوەی پشتگیریی گەشەکردنی زمانی دایکی منداڵ بکرێت؟

منداڵانی کورد لە کوردستان و منداڵانی نۆروێژی لە نۆروێژ زمانی دایک لە ڕێی گەلێک بواری جیاجیا و لە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی جۆراوجۆردا فێر دەبن، بۆ نموونە لە ناو خێزاندا، لەگەڵ خزم و کەسوکار و هاوڕێیان، لە باخچەی منداڵان، لە قوتابخانە، لە دوکان و فرۆشگاکان، لە دەرەوە لە کۆڵان و لە ناو پاسدا. بە درێژایی ڕۆژ منداڵ بواری بۆ هەڵدەکەوێت بۆ ئەوەی زمانی دایک ببیستێت و بەکاری بهێنێت. گەلێک لە منداڵانی کەمینەکان لە نۆروێژ بوارێکی کەم و دیاریکراویان هەیە بۆ گەشە پێکردنی زمانی دایکیان. زۆربەی زۆریان تەنها لە ماڵەوە بواریان بۆ دەڕەخسێت کە گوێیان لە زمانی دایک بێت و بەکاری بهێنن. ئەمەش قورساییەکی زۆر دەخاتە سەرشانی دایک و باوک و قوتابخانە، کە دەبێت و پێویستە گەشەکردنی زمانی دایک چالاک بکەن. لێپرسراو و گەورەکانی دەوری منداڵ دەبێت بوار بۆ منداڵ بڕەخسێنن بۆ ئەوەی بە زۆرترین ڕێژە بە زمانی دایک قسە بکەن، چ لە ناو خێزاندا یان لە دەرەوەی خێزان.

گەلێک شارەوانی باخچەی منداڵانی کراوەیان هەیە کە بواریان ڕەخساندووە بۆ ئەوەی دایک و باوک لەگەڵ منداڵەکانیان لە باخچە ئامادە بن. لەوێ دەتوانن دایک و باوکی دیکە و منداڵەکانیان لە کاتی یاریکردن و چالاکییە سۆسیالییەکانی تردا ببینن. لە کتێبخانەکانی هەندێک لە شارەوانییەکان بواری خوێندنەوەی چیرۆک و حیکایەت بە زمانی جۆراوجۆر فەراهەم دەکەن. هەروەها کتێبخانەکان کتێبی تایبەت بە منداڵان و گەنجان و کتێبی گوێلێگرتن بە چەندین زمان بە قەرز دەبەخشن. دەتوانیت لە شارەوانییەکەت پرسیار بکەیت دەربارەی ئەوەی کە چ بەرنامە و بوارێکی ڕەخسێندراویان هەیە بۆ ئەمە. جگە لەمە دایک و باوک، باخچەی منداڵان و قوتابخانە دەتوانن سوود لە*کتێبخانەی فرەزمانیی سەر بە کتێبخانەی دەیکمانسکە لە ئۆسلۆ وەربگرن.*

*Det flerspråklige bibliotek* ved Deichmanske bibliotek i Oslo . لەوێ کتێبی منداڵان و گەورەساڵانیش بە زمانی جۆراوجۆر دەست دەکەوێت. کتێبخانەی شارەوانی و ناوچەکان دەتوانن هاریکاریت بکەن بۆ ئەوەی لە ڕێی ئەوانەوە کتێبێت لەو کتێبخانەیەی ئۆسلۆوە بۆ بخوازن. لە سایتی ئینتەرنێتی بە زمانی جۆراوجۆر کتێب و کتێبی گوێ لێگرتن و هەروەها گۆرانی و شیعر و حەکایەت دەبینرێتەوە.

## 7 . دەتوانرێت چی بکرێت بۆ ئەوەی پشتگیریی گەشەکردنی زمانی نۆرویژی منداڵ بکرێت؟

چوون بۆ باخچەی منداڵان دەستپێکێکی چاکە بۆ گەشە پێکردنی زمانی نۆرویژی لای منداڵانی فرە زمان. هەروەها زۆر گرنگە کە باخچەی منداڵان، بنکەی تەندروستی، قوتابخانە و دایک باوکان پێکەوە هاوکارییەکی چاک بکەن. باخچەی منداڵان و قوتابخانە بەرپرسیارێتییەکی مەزنیان دەکەوێتە سەر شان بۆ گەشە پێدانی زمانی نۆرویژی منداڵ، بەڵام ڕۆڵی دایک و باوکیش گرنگییەکی زۆری هەیە لە گەشەپێکردنی زمانی نۆرویژی لای منداڵ. دایک و باوکان دەتوانن بۆ نموونە پاڵپشت و تەواوکەری کارەکانی باخچەی منداڵان و قوتابخانە بن لە بواری زمان فێربووندا، هەرچەندە گەر دایک و باوکەکە خۆشیان بە باشی زمانی نۆرویژی نەزانن.

بۆ منداڵانی تەمەن پێش قۆناغی قوتابخانە دەشێت باخچەی منداڵان بواری باش و جۆراوجۆر بۆ گەشەکردنی زمان فێربوون دابین بکات. وە کاتێک کە منداڵ گەورە بوو و چووە قوتابخانە، ئەوا دەشێت SFO یان چالاکییەکانی قوتابخانە و ئارەزووەکانی کاتی پاش قوتابخانە وەک تۆپی پێ، کۆرس، دانس و هەڵپەڕکێ، قوتابخانەی کولتوریی و هاوشێوەکانی شوێنێکی پێکگەیشتنی باش بن بۆ گەشەکردنی زمان و لایەنی سۆسیال و تێکەڵاوبوون. دایک و باوک دەتوانن هانی منداڵەکانیان بدەن بۆ بەشداریکردن لەو چالاکییانەدا.

باخچەی منداڵان بەرپرسیارێتی گەشەپێکردنی زمانی منداڵی دەکەوێتە سەرشان ئەمەش بە هاوکاری دایک و باوکەکان. باخچەی منداڵان لە ڕیگەی *پلانی چوارچێوەدارێژراوی تایبەت بە ناوەرۆک و ئەرکەکانی باخچەی منداڵان* gjennom *Rammeplan for barnehagens innhold og oppgaver* ئەرکی سەرشانێتی کە پشتگیری منداڵ بکات لە بەکارهێنانی زمانی دایکی و لە هەمان کاتدا تواناکانی منداڵەکە لە فێربوونی زمانی نۆرویژیدا بەهێز بکات. دایک و باوک دەتوانن لەگەڵ مامۆستای باخچەی منداڵاندا گفتوگۆ و ڕاوێژ بکەن دەربارەی ئەوەی کە منداڵەکە چ جۆرە

پێویستییەکی هەیە بۆ چالاککردنی زمانەکەی، بۆ نموونە کە ئایا منداڵەکە پێویستی بەوەیە کە یاریدەدەرێکی جووتزمانەی Tospråkligassistent هەبێت یاخوود بەرنامەی دیکەی پەروەردەی زمانی لە باخچەکە بۆ فەراهەم بکەن.



## 8. ئایا دەبێت هۆی چی بێت کە منداڵەکە لە باخچەی منداڵان قسە نەکات؟

ئەو منداڵانەی زمانێکی نوێ فێر دەبن، بە شێوازی جۆراوجۆر پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی ئەو زمانە. هەندێک منداڵ دەست بەجێ دەست دەکەن بە بەکارهێنانی وشە و ڕستە بە زمانە نوێیەکە، لە کاتێکدا هەندێک منداڵی دیکە پێویستیان بە ماوەی زیاتر هەیە، هەندێک جار دەگاتە چەندین مانگ، تا دەگەنە ئەوەی بە زمانە تازەکە تەعبیر لە خۆیان بکەن.
کاتێک منداڵێک دەچێتە باخچەی منداڵان، کە تیایدا زمانی دایک بەکارناهێنرێت بارودۆخێکی زەحمەت بۆ منداڵەکە دروست دەکات. هەر بۆیە لەم ماوەیەدا مامەڵەکردنێکی نزیک و دڵنیاییانە بە تایبەتی لەلایەن کارگوزار و گەورەکانی ناو باخچەوە زۆر گرنگە. هەرچەندە کە منداڵ نەتوانێت بە نۆروێژی لەگەڵ منداڵ و گەورەکانی باخچەی منداڵاندا قسە بکات، ئەوا گرنگە کە پەیوەندی لەگەڵ منداڵەکەدا بە شێوازی تر ئەنجام بدرێت، بۆ نموونە بە شێوەی پەنجە بۆ شت ڕاکێشان و بەکارهێنانی جووڵەی دەست و دەم و چاو و جەستە. منداڵ هەرچەندە لە توانایدا نەبێت بە زمانی نۆروێژی تەعبیر لە خۆی بکات، بەڵام بە بەردەوامی زانیاری و زانین دەربارەی ئەو زمانە تازە کۆدەکاتەوە. هەندێک منداڵ بە

هۆکاری جیاوازەوە گەشەکردنی زمانیان دوا دەکەوێت یاخوود تووشی کێشەی فێربوون دەبن. لەم حاڵەتەدا دەبێت باخچەی منداڵان و دایک و باوکان پێکەوە هاوکاری یەکتری بکەن بۆ چۆنێتی یارمەتیدانی منداڵەکە، بۆ نموونە لە ڕێگەی داواکردن و بانگکردنی کەسانی پسپۆر لە دەرەوەی باخچە بۆ لێکۆڵینەوە لە گەشەکردنی زمانی منداڵەکە و پێدانی یارمەتی پێویست هەم لە ماڵەوە و هەم لە باخچەی منداڵانیش.

هەرچەندە ئەگەر منداڵ تێکەڵاوی لەگەڵ منداڵان و گەورەساڵانی هاوزمانی خۆی نەبێت لە باخچەی منداڵان، ئەوا کارێکی پۆزەتیڤ و باشە،کە لە پێناو گەشەکردنی فرەزمانەیی منداڵەکەدا، دان بە زمانی دایکیدا بنرێت و بەهای خۆی بدرێتێ. هەر بۆیە وا باشە کە کاتێک دایک و باوک دەچن بۆ باخچە بە زمانی خۆیان لەگەڵ منداڵەکانیاندا قسە بکەن - لەو کاتانەدا کە ئاساییە. هەروەها فەرمانبەر و کارگوزەرانی باخچەی منداڵانیش کە بە زمانی دایکی منداڵەکە ناتوانن بدوێن، دەبێت بە بایەخەوە بڕواننە زمانی منداڵەکە، بۆ نموونە بەوەی کە خۆیان فێری چەند وشە و گۆرانی و شیعرێکی زمانی دایکی منداڵەکە ببن. شتێکی باشیش دەبێت بۆ گەشەکردنی فرەزمانەیی منداڵەکە گەر منداڵ و گەورەساڵانێک لە باخچەکەدا کار بکەن کە زمانی منداڵەکە بزانن.

## 9. ئایا کارێکی باشە گەر کەسانی یاریدەری جووتزمانە Tospråkligassistentلە باخچەی منداڵاندا هەبن؟

*لە باخچەکانی منداڵاندا گەلێک منداڵ زمانێکی دیکەی دایکییان هەیە و زمانی نۆروێژی وەک زمانی دووهەم فێر دەبن. گرنگە کە لە منداڵ تێبگەین و بواری تەعبیرکردن لە خۆی بۆ بڕەخسێندرێت. باخچەی منداڵان دەبێت پشتگیری منداڵ بکات لە بەکارهێنانی زمانی دایکی و لە هەمان کاتدا چالاکانە تواناکانی لە زمانی نەرویجیدا پێش بخات.*

بە چاو پۆشین لەوەی کە ئایا فەرمانبەرانی ناو باخچە زمانی منداڵەکە دەزانن یان نا، ئەوا دەتوانرێت پشتگیریکردنی منداڵەکە بە چەندین شێوەی جیاجیا بکرێت، بەڵام بۆ زۆربەی منداڵان گەلێک گرنگە کە یاریدەدەری جوونزمانەیان (مامۆستای یاریدەدەری زمانی دایک) هەبێت لە باخچەکاندا. فەرمانبەرانی خاوەن جووتزمانە (واتا کە نۆروێژی و زمانی دایک دەزانن) دەتوانن بە زیادکردنی کەشێکی دڵنیاکەرانە بۆ منداڵەکە و دایک و باوکی خزمەت پێشکەش بکەن و وەک پردێکی پەیوەندی لە نێوان ماڵەوە و باخچەی منداڵاندا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن. بە یاریدەی کەسێکی گەورە کە زمانی منداڵەکە بزانێت، ئەوا منداڵەکە دەتوانێت لە کاتی تێکەڵاو بوون و پەیوەندیگرتن لەگەڵ منداڵ و گەورەی دیکەی ناو باخچەکەدا هەم تێبگات و هەم لێشی تێبگەن. منداڵەکە بوارێکی بەهاداری بۆ دەرەخسێت بۆ بەردەوام دان بە گەشەکردنی زمانی دایکی و لە هەمان کاتیشدا پشتگیریش وەردەگرێت لە گەشە پێدانی تواناکانی لە زمانی نۆروێژیدا.



## 10. کاتێک کە منداڵ دەچێتە قوتابخانە

دەشێت قۆناغی گواستنەوە لە باخچەوە بۆ قوتابخانە ساتەوەختێکی مەزن بێت بۆ منداڵ و دایک و باوکی. ڕاسپاردە بۆ شارەوانییەکان دەکرێت کە پلانی هاوکاریکردنی تایبەت بە خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەم گواستنەوەیە، وە دەبێت باخچەکانیش لە پلانی ساڵانەیاندا پلانیان هەبێت بۆ قۆناغی گواستنەوە لە باخچەوە بۆ قوتابخانە. دایک و باوک دەتوانن ئەم زانیارییانە لە باخچەی منداڵان یان لە لای شارەوانی وەربگرن.

سەبارەت بە ئەرکەکانی قوتابخانەش بەرامبەر بە منداڵانی زمان کەمینەکان، ئەوا بە تایبەتی دەبێت ئاگاداری پەرەگرافی 2.8 § لە یاسای خوێندن بن و ئاوڕ لەو یاسایە بدرێتەوە.

*لە پەرەگرافی 2.8 § کە تایبەتە بە یاسای فێرکردنی زمان بۆ منداڵانی کەمە نەتەوایەتییەکاندا هاتووە*

*ئەو قوتابیانەی کە لە قوتابخانەی بنەڕەتین و خاوەن زمانێکی تری دایکن نەک نۆروێژی، مافی خوێندنی وانەی نۆروێژی تایبەتیان هەیە تا ئەو کاتەی لە زمانی نۆروێژیدا توانایان دەگاتە ئاستێک کە بتوانن وانە و خوێندنی ئاسایی قوتابخانە بخوێنن. گەر پێویست بکات ئەوا ئەم قوتابییانە دەتوانن وانەی زمانی دایک، خوێندنی وانە بە جووتزمانە یان هەردوو وانەکە پێکەوە وەربگرن.*

*دەکرێت خوێندنی وانەی زمانی دایک لە قوتابخانەیەکی تر بخوێنرێت وەک لەو قوتابخانەیەی کە قوتابییەکە لێیەتی.*

*گەر بەرپرسانی خوێندن لە شارەوانییەک نەیانتوانی خوێندنی زمانی دایک و وەرگرتنی وانە بە جووتزمانە دابین بکەن، ئەوا دەبێت شارەوانی وانە و خوێندنی دیکەی گونجاو بۆ قوتابییەکان فەراهەم بکات.*

*دەبێت شارەوانی پێش دەرکردنی بڕیاری پێدانی خوێندنی وانەی زمان بە قوتابییەکان هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی ئەو قوتابییانە لە زمانی نۆروێژیدا بکات. هەروەها دەبێت هاوکات لە کاتی خوێندنی وانەی زماندا هەڵسەنگاندن بۆ قوتابییەکان ئەنجام بدرێت، وە ئەم هەڵسەنگاندنە دەبێتە بنەمایەک بۆ ئەوەی کە بڕیار لەوە بدرێت کە ئایا دەکرێت قوتابییەکان بەردەوام بن لە وەرگرتنی وانەی فێربوونی زمان یاخوود دەبێت وانە ئاساییەکان بخوێنن لە قوتابخانەدا.*

Heftet er utarbeidet av Nasjonalt senter for flerkulturell opplæring, NAFO

Nafo.oslomet.no

Alle foto: Marte Garmann